بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی باس لەو پەتایەی کە لە سلێمانی بڵاوبووەتەوە دەکات

سەباح هەورامی، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی ئێوارەی ئەمڕۆ سێشەممە، لە پەیامێکدا لە هەژماری خۆی لە فەیسبوك نوسیویەتی، "ئەم پەتایەی ئێستا لەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە کۆرۆنا نییە بەڵکو پەتای وەرزییە، بەڵام ڤایرۆسەکەی بەشێکی زۆری کۆرۆنا و چەند ڤایرۆسێکی دیکەیە".

سەبارەت بە نەخۆشی کۆلێرا، نوسیویەتی، "ئەم پەتایە پێویستی بە رێگرییە لە بڵاوبونەوەی و دەبێت لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرما فەرمانگە پەیوەندیدارەکان رێگریی لە بڵاوبوونەوەی بکەن".